# بۆچی بەشداریکردن لە "هەڵبژاردن"دا لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە!؟

**محسن کریم**

پارتی و یەکێتی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەشداری نەکردنی خەڵك لە "هەڵبژاردن"دا زیانی بۆ "کورد" هەیە. دەستی عەرەبە شۆڤێنیستەکان و ئیسلامیەکان دەکاتەوە لە دژی خەڵکی کوردستان و ئەوان زاڵ دەبن و بەم پێیە خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی خەتەرو کارەسات دەبنەوە. دەڵێن خە ڵك دەنگ بە یەکێتی و پارتی نادەن، دەنگ بە کورد دەدەن!

پێویست دەکات لە چەند لاوە ئەم پرووپاگەندەیە ڕوون بکەینەوە:

**1- ئایا ئەمەی ئەنجام دەدرێ بە ڕاستی هەڵبژاردنە و هیچ پێوانەیەکی هەڵبژاردنی ڕەچاو کردووە؟ ئایا دەنگدانی خەڵک هیچ کاریگەری دەبێت لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن؟ ئایا ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن دەبنە نوێنەرانی خەڵک و خۆیان بەرامبەر خەڵک و بە هیچ خواست و مەسەلەیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی ئەو خەڵکە بە بەرپرسیار دەزانن، یان تەنها مۆری ڕەزامەندی خەڵکیان دەوێ بۆ ئەوەی لە پێشبڕکێی دەسەلاتدا لەگەڵ یەکتر سوودی لێوەرگرن!؟**

وەڵامی ئەوانە هەمووی نەخێرە بێجگە لە پرسیاری ئەخیر. هەڵبژاردن بەپێی پێوانە بۆرژواییە ڕۆژئاواییەکەشی، دەبێ هەلومەرجێکی ئازادانەی سیاسی بۆ دەنگدانی خەڵك فەراهەم کرابێت. ئەمە نە لە کوردستان و نە لە عێراق فەراهەم نییە. چەند حیزبی میلیشیایی دەسەڵاتیان بەدەستەوە هەر یەکەیان ناوچەیەکیان بۆخۆیان پاوان کردووە. هەموو هەڵسووڕانێك و هەموو بڕیارێکی سیاسی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بەپێی ئیتیفاقی نێوانیان دەکرێ. هەموو شتێك دەبێ ڕەزامەندی ئەوانی لەسەر بێت، ئەویش بەپێی بەرژەوەندی حیزبەکانیان. هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادانەی خەڵك و بەشداری سیاسی  ئازادانەو هوشیارانەی خەڵك و دەسەڵاتی میلیشیای بۆرژوایی ئەرزو ئاسمانیان لە نێواندایە.
ئازادی خەڵك ومافی ئیختیاری سیاسی خەڵك لە چوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسی و بڕیاری سیاسی ئەواندا مانای هەیە و هیچی دیکە! لیستی ئەوان هەیە، ڕاگەیەنراوە. خەڵك ئازادە دەنگ بەو لیستە بدات. ئازاد نییە دەنگی پێ نەدات، چونکە  ئەوە ئیتر"خیانەتە بە کورد و بە خوێنی شەهیدان". ئەوە سادەترین فشارو زەغتی نەفسی و ئەخلاقییە کە بۆ خەڵکی دەهێنن بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن دەنگ بەوان بدەن!
تەجروبەی هەڵبژاردنی مانگی یەکی ئەمساڵ، تەجروبەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانی هەولێرو سلێمانی، تەجروبەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی **1992**، هەموویان بە ڕۆشنی ئەوەیان نیشان داوە کە لیستەکانی ئەوان لیستی نوێنەرانی خەڵک نەبوون. خۆیان بەرامبەر هیچ مەسەلەیەکی سیاسی، ئابووری، خۆشگووزەرانی و خزمەتگووزاریی خەڵك بە بەرپرس نەزانیوە و نازانن. بە هیچ شێوەیەك خەڵك ناتوێنێت لێیان بپرسێتەوە. ئەگەریش مانگرتن و خۆپیشاندان بکەن ئەوا لولەی چەکی پۆلیس و ئاسایشی کوردایەتی دەوری ڕاستەقینەی خۆی دەبینێت و چی تر نابێتە " دوگمەو دۆلاب" بە سنگیانەوە!

**2- ئایا بەراستی دەنگی خەڵک بۆ یەکێتی و پارتی نابێت و بەرپرسانی ئەوان و لیستی ئەوان ناچنە ناو حکومەتی ناوەندیەوە؟ ئایا بێجگە لە لیستی ئەو دوو حیزبەو دەستەو تاقمەکانی هاوپەیمانی ئەوان دەنگ بە کێی دیکە دەدرێ؟ ئایا هیچ کاندیدێکی دیکە لە ئارادا هەیە کە نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵک و خواست و ئومێدە سیاسیەکانی ئەوان بکەن؟ ئایا ئەسڵەن ئەم حیزبانە رێگەیان داوە بە کەسی دیکە کە خۆیان کاندید بکەن؟ ئایا خەڵک هیچ ئیختیارێکی دیکەی هەیە تا دەنگی پێبدات؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی کە ریاکارانە خۆی وەکو نوێنەری نارەزایەتی خەڵک دژی گەندەڵی نیشان دەدات، فڕی بەسەر بەرژەوەندی سیاسی و ئومێدەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیە بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و ژیانی شارستانی؟!**

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو دەنگدانەی خەڵك راستەوخۆ دەچێتە گیرفانی یەکێتی و پارتیەوە. دەنگدانەکە بۆ لیستی هاوبەشی ئەوانە. هیچ کاندیدێکی دیکە کە بەقەدەر نووکەدەرزییەك پەیوەندی بە بەرژەوەندی سیاسی و ئومێدو خواستە ئینسانیەکانی خەڵکەوە هەبێت، لەم بەناو هەڵبژاردنەدا نابینرێ. گومانیش لەوەدا نییە کە یەکگرتووی ئیسلامی نەك نوێنەری هیچ مەسەلەیەك و ئومێدێکی ئینسانی خەڵك نییە، بەڵو هێزێکی تیرۆریستی ئیسلامیە کە پەیامی رەشی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بۆ خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو مۆدێرنی کۆمەڵگای کوردستان پێیە.

دەنگی خەڵك بۆ لیستی(**730**)، مۆری رەزامەندی دانە لە رێکەوتننامەی نێوان یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئەو میلیشیا ئیسلامی و نەتەوەپەرستە عەرەبانەی کە ئەمان کورسیەکانی دەسەڵاتی عێراقیان لەگەڵیاندا دابەش کردووە. رێکەوتنامەیەکی ئاگربەست و تەقسیمی دەسەڵات و سامان لەنێوانیاندا ئیمزا کراوە و پێویستیان بە تەئیدی خەڵك هەیە بۆ ئەوەی بە ناوی دیموکراسیەوە دەردخواردی خەڵک خۆی و میدیای بۆرژوایی و رۆژئاوای بدەن و رووی ئەمریکاش سپی بکەنەوە!

لەم بەناو هەڵبژاردنەدا کە لە ژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایی لایەنگری ئەمریکا ئەنجام دەدرێ، جێگایەك بۆ دەنگی خەڵك و نوینەری خەڵك نابێتەوە. نوێنەری خەڵك، نوێنەری بەدیهێنانی خواستەکانی ئەوان لە ئازادی، فرسەتی یەکسانی ژیان بۆ هەمووان، نەهێشتنی گەندەڵی و مشەخۆری بەرپرسانی ئەحزابی میلیشیایی دەسەڵاتدار، خزمەتگووزاری شارەوانی، پارێزراوبوونی مافە ئینسانیەکانی ژنان، مافی ژیانێکی ئازادو هاوچارخ بۆ لاوانی کوردستان، هەڵپێچانی بیرۆکراسی بەرپرسانی حیزبی دەسەڵاتدار.... و تاد. لەم "هەڵبژاردن"دا جێگای نییە. هیچ ئیختیارێکی سیاسی دیکە بۆ خەڵك نەهێڵراوەتەوە. هەیەو نییە لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ لیستی یەکگرتووی ئیسلامییە، کە تەنانەت بوونی ئەمیشیان پێ قبووڵ ناکرێت. ئەوەتا پارتی لە جەرگەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن و دیموکراسیدا پەلاماری ئەم تاقمە دەدات کە تا دوێنێ دۆستی سەر مێزی کۆبوونەوە دیپلۆماسیەکانیان بوون. چ جای ئەوەی تەحەمولی ئەو لایە و کەسانە بکەن کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵك دەکەن. هەرئەوەیە؛ لە نێوان خراپ و خراپتر دا هەلبژێرە خراپ. یان رەنگە ئەم ئیختیارەش نەبێت!

**3- ئایا، لە هەمووی گرنگتر، ئەو بەرژەوەندی و قازانجە سیاسییە چییە کە خەڵکی کوردستان لە بەشداریکردن لە"هەڵبژاردن"دا دەستیان دەکەوێت و ئەگەر بەشداری نەکەن لە دەستی دەدەن!؟**

گرنگترین خاڵێك کە یەکێتی و پارتی دەیانەوێ خەڵکی کوردستانی پێ چەواشە بکەن بۆ ئەوەی راپێچی گاڵتەجاری هەڵبژاردنیان بکەن ئەوەیە کە گوایە خەڵك دەنگ بە کورد دەدەن. ئەگەر بەشداری نەکەن زیان بە مەسەلەی کورد دەگەیەنن!

بەڵام با بزانین ئەم هەڵبژاردنە چارەسەری کێشەی کورد دەکات؟ رەنگە بەشێکی خەڵك بڵێن قەیناکا ماوەیەکی دیکەش تەحەمولی بێکارەبایی دەکەین، تەحەمولی ئەوە دەکەین کە بۆری ئاوی ماڵان هەر فشەی بێت و دڵۆپێك ئاوی پێدانەیەت! جادەکان هەڵکەنراو بە ئومێدی ئەو رۆژە بن کە

پڕبکرێنەوە! گەندەڵی ئیداری زیاترو سەروەتی بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە زیاتر لووت لە هەور هەڵبسوون، و...... تاد. بەڵام هەر بەومەرجەی کورد تووشی کارەسات نەبێتەوە. گوایە ئەم دوو حیزبە، کەدەستیان لە بینی خەڵک ناوەو نانو ئاوو کارەبایان لە خەڵك کردووە بە خەونی وەدی نەهاتوو، لەم مەسەلە حەساسەدا کە مەسەلەی داهاتوو و چارەنووسی خەڵکی کوردستانە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن! گوایە ئەو خەڵکە لە بەرامبەر شۆڤینیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسیدا دەپارێزن! ئایا شتی وا مەنتقییە و دەکرێ هیچ ئینسانێکی عاقڵ بڕوای پێ بکات!؟ ئەوە نییە یەکێتی و پارتی هەر لەگەڵ ئەو شۆڤینیستانەی عەرەب و دەستەو تاقمە ئیسلامیە سیاسیەکانی شیعە و غەیری شیعەدا حکومەتی کاتییان پێك هێنا، "دەستور"ی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و تائیفی و قەومییان بەسەر خەڵکدا سەپاند، و دوای ئەم گاڵتەجاریەی هەڵبژاردنیش حکومەتی هاوبەش پێك دەهێنین! یەکێتی و پارتی حکومەتی فیدراڵیان دەوێت کە تەزمینی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکات.

**بەڵام کێشەی کورد چۆن چارەسەر دەبێت و خەڵکی کوردستان چییان دەوێت؟**

لە ئێستادا تەنها ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا جیابوونەوەی کوردستانی عێراقە لە ڕێگای ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادەوە. خەڵکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوەن. ئەمە خواستێکی جەماوەری و هاوکات شەرعی و عادیلانەیە. هەروەها تەنها ڕێگاچارەی سیاسی ئەم کێشەیەشە کە بە کێشەی کورد ناسراوە. تەنها ڕێگایەك کە بۆ هەتاهەتایە مەترسی دوبارەبونەوەی زوڵمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ دەهێنێ، خەتەری گەڕانەوەی سەرکوت و داپڵۆسین و جینۆساید و کوشتارو ئاوارەبونی خەڵکی کوردستان لەنێو دەبات، تەنها جیابونەوەی کوردستان و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆیە. خەڵکی کوردستان ئەمەی دەوێ، بەڵام بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە پێچەوانەوە کوردستان دەبەستێتەوە بە عێراقەوە لە چوراچێوەی فیدراڵی نەتەوەییدا. واتە کێشەی کورد بە هەڵواسراوی و چارەسەر نەکراوی دەهێڵێتەوە. هەمیشە لەگەڵ ئەگەری تێکچوونی ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لەگەڵ حیزب و لایەنە ئیسلامی و نەتەوەپەرستە عەرەبیەکاندا کە ئێستا لەگەڵیان ڕێکەوتوون و بڕیارە حکومەتیان لەگەڵدا دروست بکەن، ئەگەری دەست پێکردنەوەی خەتەرو کارەسات بۆ خەڵکی کوردستان دێتەوە گۆڕێ. بۆچی مەگەر پارتی و یەکێتی کە برای خوێنی خێزانی کوردایەتین دووای هەڵبژاردنی "پەرلەمان" بە **2** ساڵ هەموو ڕێکەوتنێکیان لەژێر پێ نەنا و شەڕێکی خوێناویان بەسەر خەڵکدا نەسەپاند و کوردستانایان نەکرد بە دۆزەخ لە خەڵك!؟ بۆچی دەبێت ئەم کۆکتێلە سەیرو سەمەرەیەی کە بڕیارە "هەڵبژاردن" شەرعیەت بە دەسەڵاتیان بدات، لەسەر بەشە دەسەڵات و سەروەت لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕێکەوتنی نێوانیان توورِ هەڵنەدەن و بەرنەبنە گیان یەکتری و خەڵکیش!؟

**بەڵام ئایا بەشداری خەڵک هیچ نەبێت خەتەری ئەو لایەنە شۆڤینیست و ئیسلامییە عەرەبیانە لەسەر خەڵکی کوردستان دوور ناخاتەوەو بە پێچەوانەشەوە بەشداری نەکردن پێشی ناخات؟**

بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا ئەو شتەی دووری دەخاتەوە چارەسەری کێشەی کوردە، نەك خەتەری دەست پێکردنەوەی زوڵمی نەتەوەیی دژی خەڵکی کوردستان. ئێستا هەم فرسەت و هەم زەمینەی چارەسەری کێشەی کورد بەشێوەیەکی عادیلانە لە ئارادایە. ئەوە دیار نییە کە ئەم فرسەت و ئیمکانیەتە سیاسییە تا کەی دەمێنێتەوە. ئەگەریش لە دەست درا ئیتر مەعلومە کە دەرفەتێکی مێژوویی کە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە ئارادایە لە دەست دەدرێ! بۆیە بەشداریکردن لە قازانجی چارەسەری کێشەی کورد نییەو بەم پێیە بەشداریکردن تێیدا لەبەرژەوەندیی خەڵك نییە.

بێگومان لە بەرژەوەندی یەکێتی و پارتییە، بەڵام لە زەرەری مەسەلەی کورد و چارەسەری رەوای ئەم کێشەیەیە.
خەڵکی کوردستان لە جیاتی ئەوەی روو لە بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ بەستنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، با هەرکەسە لەسەر بانی ماڵەکەی خۆی لەسەر پارچە مقەبایەك بنووسێت:

**بەڵێ بۆ ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان!**

با کەناڵەکانی راگەیاندن لەجیاتی وێنەی بەشداریکردن لە گاڵتەجاری هەڵبژاردن ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان بە ئاگاداری خەڵکی دنیا بگەیەنن!

**********